## پەیامی خەڵکانێ سەلیم

* رۆژانە ژنان دەکوژرێن و کەسیش فزەی لێوە نایە، ئێستا کە تاوانی کوشتنی **دوعا** ئاشکرا بووە، دەیانەوێ بکوژانی دەستگیر بکەن، ئەی بۆ زووتر بکوژانی ژنەکانی دیکە دەستگیر نەکران و سزا نەدران!؟! ئەی بۆ هەر لە رۆژی ٧ی نیسانەوە بکوژانی دوعا دەستگیر نەکران و رادەستی دادگە نەکران ؟!

**شلێر فەوزی**

* تا دێ نهێنی گەورەتر ئاشکرا دەبێ، لەم رۆژانە ملازمێک ئاشکرای کردووە کە لەسەر داوای دەزگایەکی لایەنێکی کوردستانی نزار خەزرەجی دەرباز کردووە، باشە ئەگەر راستە با ئەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسەدا بکرێ کە فەرمانی بەو ملازمە کردوو تا خەزرەجی دەرباز بکات .

**سەرکان مەجید**

* بۆچی حکومەتی هەرێم ئاوڕ لەو پێشمەرگە دێرینانە ناداتەوە کە تەمەنی خۆیان لە شۆڕش دا سەرف کرد، ئەوەتا پێشمەرگەی دێرێنی ئەوتۆ هەن کە ٢٠ساڵ بێ پسانەوە پێشمەرگایەتیان کردووە، بەڵام چونکە ئێستا سەر بە لایەنە دەستەڵاتدارەکان نین، نە خانەنشین دەکرێن و نە بۆسەر وەزیفەکەی پێشوویان دەیانگێڕنەوە .

**ک. سەلام**

* گوایە پاککەرەوەی بیانی لەشارەوانی هەولێر دادەمەزرێنن، بۆیە بڕیاری دەرکردنی پاککەرەوە کوردەکان دەرکراوە، ئایا کوردستان پێویستی بە پاککەرەوەی عەرەب و بەنگلادیشی و سۆمالی و ئەریتری و هەیە؟! یان پێویستمان بەوەیە کار بۆ بێکارانی کوردستان پەیدا بکرێ!!

**شەمسەدین**

# کاریگەری جگەرە کێشان لەسەر ژنان

**شاناز**

یەکێک لەدیاردە ناشازەکانی مرۆڤ خوگرتن بەمادە هۆشبەرەکانە. ئەگەرچی سیگار ئان جگەرە بە رادەی ماددە هۆشبەرەکان ترسناک نیە، بەڵام مەترسیەکانی ژیان لە گێژاو و تەنگژەدا نغرۆ دەکات . دیاردەی جگەرەکێشان زیاتر لە لای پیاوان باوبوو، ژنان لە پەنای پیاوانەوە گیرۆدەی جگەرەکێشان هاتوون. پیاوان خۆیان بە فەرمانڕەوا و دەستەڵاتداری ماڵ زانیووەو هیچ رێگرێکیان لەبەردەم خۆیاندا نەبینووە. هەرچەندە لاوان و هەرزەکارن بە دزی گەورەکانیانەوە دەستیان بۆ جگەرە بردووە، بەڵام لەناو ژناندا زۆر بەکەمی هەبووە و دەردەکەوێ، هەندێجار لە بازنەیەکی تەواو نهێنیدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش چەند کاردانەوەیەکی سلبی و ئیجابی لێ دەکەوێتەوە.

زۆرجار ژنان بەهۆی جگەرەکێشانەوە، تووشی گێچەڵ و ئازاردان و قسە پێ گوتن و هەرەشە لێ کردن دەبنەوە، جاران دەگمەن بوون ئەو ژنانەی کە جگەرەیان دەکێشا، هەرچەندە ژنانی خانەدان و ناوداریشمان هەبوونە کە ئاشکراو لەبەرچاوی پیاواندا جگەرەی کێشاوە، بەڵام بە گشتی ئەگەر ژنێک جگەرەی بکێشایە بە سووک سەیر دەکرا. ئێستا ژنان زۆر بەئاسایی وەک پیاوان جگەرە دەکێشن و هیچ گرنگیەک بەداب و نەریتەکانی کۆمەڵگە نادەن ، هەندێ لە ژنان لەپەناوی پاساوی هیچمان لە پیاوان کەمتر نیە گیرۆدەی جگەرەکێشان دەبن. هەندێک دەڵێن: بۆ پیاوان جگەرە دەکێشن؟! ئەگەر ئەوان نەیکێشن، ئێمەش نایکێشێن!. هەندێک ژن وەک ئارەزوو جگەرە دەکێشن، بەڵام هەندێکیان واهەست دەکەن رەوێنەوەی پەستی و خەمەکانیانە. هەرچۆنێ بێ ، پزیشک ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکات کە خۆیان گیرۆدەی جگەرە نەکەن، چونکە جگەرە ترسناکترین دوژمنی مرۆڤە و هیچ سوودێک نە مرۆڤەکان نابەخشێ. تەنانەت ئەو کارگەو کۆمپانیایانەی کە جگەرە دروست دەکەن، ناچارن لەسەری بنووسن جگەرە هۆکاری نەخۆشی شێرپەنجەیە .

بەمەبەستی زانینی نهێنیەکانی جگەرە کێشان لای ژنان و هۆکارەکانی پرسیارمان لەچەند کەسێک کرد:

**ئەختەر خان** تەمەن شەست پێنج ساڵ دەڵێ: کە شووم کرد سەرەتای یەکەم سکپڕیم، حەزم لە جگەرەکێشان کرد، ئێشتاش هەر بەردەوامم و ئارەزووم لێیەتی. هەر لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەکەم هەمان تاموچێژی یەکم جگەرەی لێ دەبینم. رۆژانە پاکەتێ جگەرە نەکێشم ئارامم نییە

**سەرگوڵ جەبار**: کاتێ مناڵ بووم باوکم جگەرەی دەکێشا ئەگەر کەمێک لەجگەرەکەی بمایەتەوە، دوای ئەو منیش بەدزیەوە دەمکێشا، ئەمە هۆی فێربوونم بوو، ئێستاش ناتوانم وازی لێ بهێنم.

**رووبار محمد**: کاتێ لەگەڵ مێردەکەم دادەنیشتین، هەردووکمان بووین، ئەو جگەرەی دەکێشا منیش لەگەڵیابووم. بەهۆی ئەوەوە ئارەزووی جگەرەم دەکرد، ئەویش دڵی نەدەشکاندم، پاشان فێربووم، ئێستاش هەردووکمان لەماڵەوە بەیەکەوە جگەرە دەکێشین.

**هێرۆ ئەحمەد**: کاتێ بێ تاقەت دەبم، جگەرە دەکێشم ئەگەر لەکاتی دەوامیشدا بێت بەلامەوە زۆر ئاساییە جگەرە بکێشم ئەمەش هۆیەکە کە بێتاقەتیم کەمتر دەکاتەوەو کێشەکانم بە دووکەڵی جگەرەکم فەرامۆش دەکەم.

**بەهارکاکەیی**: جگەرە تەنها شتێکە کە ئێمە دەیسووتێنین و خەیاڵەکانمان بەدووکەڵ بەرز دەکەینەوە، ئەویش لەبەرامبەردا خەمەکانمان بۆ ئەسوتێنێ ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت. بەردەوام بۆ مورتاح بوونی باری دەرونی خۆم جگەرە دەکێشم، کەسیش رێگریم لێ ناکات

**لانە رزگار**: خۆشترین ساتەکانی ژیانم جگەرە کێشانە، لەمناڵیەوە فێربووم، مێردەکەم سەرەتا جگەرەی نەدەخوارد، بەڵام ئێستا من ئەویشم فێری جگەرەکێشان کردووە.

**کازیوە نوری**: لەزانکۆ بووم بەهۆی هاورێیەکمەوە فێربووم، حەزدەکەم بەردەوام ماڵ چۆڵ بێت بۆ ئەوەی بەئارەزووی دڵی خۆم جگەرەبکێشم.

**سۆزان تەنیا**: ئەگەر دوای خواردن جگەرەیەک نەکێشم، هەست بەئازارو بێزاریەکی زۆر دەکەم. کاتێ جگەرە دەکێشم چالاک و وریاتر دەبمەوە.

جگەرە کێشان هۆکارێک نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ، بەڵکو پێشوازی ئارەزوومەندانەی مرۆڤە بەرووی نەخۆشیەکانەوە، هەروەها کاریگەریەکی زۆری لەسەر ژنان هەیە، بەتایبەتی لەسەر ژنانی دووگیان. چونکە راستەوخۆ کاریگەری لە سەر تەندروستی کۆرپەلەکەش دادەنێ. نوژداران و پسپۆران دەریان خستووە کە یەکەم هۆکارە بۆ هەوکردنی سیەکان و ژاراوی بوونی خوێن و خانەکانی لەش، ئەو ماددە نیکۆتینەی لەجگەرەدایە تێکەڵ بەخوێن دەبێت و بەهەموو لەشدا بڵاو دەبێتەوە، ساڵانە هەزاران کەس بەهۆی جگەرەوە دووچاری نەخۆشی دەبنەوە ، جگەلەوەی کە هۆکارێکە بۆ فێربوونی بەردەوام و ناتوانرێ بەئاسانی لێی دووربکەویتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر کێشەو خەمێکدا پەنا بۆ جگەرە کێشان دەبەن و ناتوانن بەئاسانی کێشەکەیان چارەسەربکەن و کۆتایی بەخەمەکانیان بهێنن. واهەست دەکەن کەجگەرە تەنیا رێگە چارەیە هەروەها جگەلەوەی کەدەبێتە هۆی بێزرارکردنی دەوروبەرو زیان بەوانیش دەبەخشێ، بەفیرۆدانی پارەیەکی زۆر لەلایەن ئەو کەسانەوە. هەرچەندە ژنان دەزانن کەجگەرە کێشان دەردێکی کوشندەیە بەڵام دەردی گەورەتر لەبیر دەباتەوە.

جگەرە کێشان هەم زیانی بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە، هەمیش گیرفانی مرۆڤەکان دادەتەکێنێ، بەڵام لەهەمووی خراپتر ئەو بۆنە ناخۆشەیە کە لەگەڵ هەناسەدا بە هەوادا بڵاو دەبێتەوەو دەوروبەری پێ نیگەران دەبێ .



# بە خوا عەیبێکی گەورەیە!

**شادیە مستەفا**

رۆژی ٢-٥-٢٠٠٧ نوسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو ئیدانەی کوشتنی ئەو کچە کوردە ئێزدیە دەکات کە رۆژی ٧-٤-٢٠٠٧ لەلایەن خزمەکانیەوە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە بەردبارانیان کردبوو.

نووسینگەی جەنابی وەزیر بە توندی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە مەحکوم دەکات!! پێیوایە لە روانگەی باوەڕبوونیان بە یەکسانی ژن و پیاو ئەو راگەیاندراوەیان بڵاو کردۆتەوە، من دەڵێم خۆزگە بەیاننامەکەیان هەر بڵاو نەکردبایەوە، چونکە خۆشیان دەزانن کە دوای تێپەڕبوونی ٢٥ رۆژ بەسەر کارەساتەکە تازە پەشم و شورەییە کە نووسینگەی کاروباری ژنان و ئافرەتان داخباری خۆی بۆ کارەسات و تاوانێکی لەو بابەتە دەرببڕێ.

نووستنگەی جەنابی وەزیر لەبەر کاروباری تایبەتی خۆیان هیچ ئاگایان لە رەوشی ژنانی کوردستان نیە، ئەگەر ئاگاشیان لێ بێ سەرەتا دەبێ دەستوور لە دەزگای تایبەت وەربگرن تا بتوانن بەیاننامەیەکی لەو بابەتە بڵاو بکەنەوە.

نووسینگەیەک بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان، واتە بۆ کاروباری مێینەکانی هەردوو حزبی دەستەڵاتدار پێکهاتووە، بۆیە ناوی ژنان و ئافرەتانی لەسەر خۆی داناوە، هەر بەوهۆیەشەوە خۆی لە کێشەی مێینەکانی دیکەی کوردستان هەڵناقورتێنێ!

نووسینگەی ناوبراو دەنووسێ : ئەم رووداوە دڵتەزێنە بەهیچ شێوەیەک قابیلی قبول نیە! دەبێ جەنابیان بزانن ئەمە رووداو نیە بەڵکو کارەسات و تاوانێکی کەم وێنەیە، لەلای ئەوانیش قابیلی قبول بووە، بۆیە ٢٥ رۆژ خۆیان لێ بێدەدنگ کرد، رووداوێک ئەگەر قبووڵ نەبوایە، نقەیان لێوەدەهات!

# بە پیلان و موئامەرەی وەهمی خەریکمان مەکەن !

**کامیران. ش**

دوای کوشتنی دوعا و ئاشکرابوونی فیلمی تاوانەکە تازە بە تازە میری ئێزدیان و حکومەتی هەرێم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دوعا لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی کوژراوە. راستیەکەی ئەوەیە کە دوعا ئارەزوومەندانە ئایینی خۆی گۆڕیوە، لەبەر ئەوەش کوژراوە دەنا نە لەسەر کێشەی ناموسە و نە پیلان و موئامەرەی بێگانەی لە پشتەوەیە، بەڵام لایەنە بەرپرسەکان بۆ پەردەپۆشکردنی راستیەکان دەیانەوەی جارێکی دیکەش خەڵک چەواشە بکەن، بۆ دەرخستنی تاوانەکە ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو:

١- هەرگیز نەمانبیستووە کە ئێزدی لەسەر ناموس کچەکانی خۆیان بکوژن، خۆشیان ئەو راستیە دوویات دەکەنەوە.

٢- بەرپرسێکی گەورە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە رایگەیاند کە ئەوان بەمەرج **دوعا**یان بە خانەدانێکی ئێزدی داوە و ئەویش بەڵێنی داوە نەکوژرێ و لە خزمێکی خۆی مارەی بکات .

٣- دوای وەرگرتنەوەی داوایان لە دوعا کردووە کە پەژیوان بێتەوەو ئامادە بێ مێرد بە ئامۆزایێکی خۆی بکات، بەڵام دوعا نەچۆتەژێر بار و داخوازی ئەوانی نەسەڵماندووە، بۆیە دەست بەجێ بڕیاری کوشتنیان داوە، دەنا پێشتر کامێرای ڤیدیۆ بۆ وێنە گرتن ئامادە نەکراوە وەک هەندێ کەس باسی لێوەدەکەن و وا بڵاو دەکەنەوە کە گوایە ئەمە پیلانێکی بەرنامەبۆ دارێژراو بووە.

٤- هەندێک لەوانەی کە دوعا بەردباران دەکەن، پڕ بە گەروویان هاوار دەکەن ( بیکوژن لەسەر ئایینی خۆی نەماوە) ئەمەش راستی کارەساتەکە دەردەخات .

دەرهەق بەو کچە سیناریۆی درۆیین هەڵنەبەستن و خەڵکی پێ نەخاپێنن.

لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جیاتی ئەوەی دەردو کێماسیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەستنیشان بکەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە کەچی دێن و راستیەکان دەشێوێنن و وامان تێدەگەیەنن کە پیلانێکی دەرەکی و ناحەزان دژ بە کێشەی کوردستان دارێژراوەو دەیانەوێ کوردی ئێزدی لە کوردستانی بوونیان بتۆرێنن. ئەگەر ئێوە لە پیلان دەترسن، فەرموون

## وێنە ئەدوێ



منداڵانی کوردستان لەبەر نەبوونی یاریگا لە کۆڵانەکان یاری دوو گۆڵی دەکەن

فۆتۆ: رۆژگار